

# زەردە خەنەی قۆڵ بەستراوێك

حەسەن ئەیوب زادە

ئەو زستانەساردە هات و ڕابرد, کەوای نەبوو لە بەری کا, بە کراسێکی خام و پاتۆڵێکی گازرونی شڕەوە ڕایبوارد. لە ماڵێ ڕا تا دەگەیشتە قوتابخانە سەرما کەسیرەی دەکرد. بە خوڕایی نەبوو کە ماموستای قوتابخانەکەی ناسناوی بێ کەوای بە سەردا بڕیبوو. بە دایمە لە برسان قۆڕەی زگی دەهات و قەت تێرزگی خۆی نانی نەدەخوارد چونکە زڕدایکی خۆشی لە چارەی نەدەهات و دەی بوعزاند. بەو حاڵەشەوە مام حەمەدی باوکی هەر گلەیی وگازندەی لێ دەکرد و دەیگوت « وسوو هیچی بەرگە ناگرێ, زۆرخۆرە و لە گەڵ زڕدایکیشی ناحاوێتەوە.» وسوو لە قوتابخانەکە دەگەڕایەوە, لە گەڵ منداڵەکانی هاوتەمەنی خۆی دەچووە پشتی گومبەزەکەی سەردار و لە نێو قەبرەکاندا ئاوریان دەکردەوە. کۆکردنەوەی پوش وپڵاش, کوتەکاغەز, نایلۆن وسەرەبزوت بۆ ئاورەکە کارێکی گران نەبوو, مەگەر بەفرێکی قورس باریبایە و هەموو وڵاتی داگرتبایە. لەو حاڵەدا دەبوو هەر منداڵەی سەرو لق گوێنی یان تەپاڵەیەك بە دزی دایکیانەوە بەرن و ئاورەکەی پێ بکەنەوە.

وسوو ساڵە وەختێك لە ڕەشید شەش قامکەی هاضاڵی کە لە پێنجی سەرەتایی دەیخوێند گەورەتر بوو. ژیر و وریاو لە سەرەخۆ وئێسك سووك بوو. منداڵەکانی قوتابخانە و گەڕەکەکە ڕێزوحورمەتی وسوویان لە بەر بوو. تەنیا کەسێکی کە وسووی لە لا بە حورمەت نەبوو زڕدایکی بوو. وسووش بە دایم لە لای هاضاڵەکانی گاڵتەی بە زڕدایکی دەکرد و نێوونیتکەی لێ دەنا و هەر بە ئیشکەڕنی ناو دەبرد. زۆرجار کڵاویان تێکەڵ دەبوو, مام حەمەدیش قەت لایەنی رندانی ژنی بۆ وسووی کوڕی بەر نەدەدا. مام حەمەد ڕۆژ نەبوو سەرکۆنەی نەکا و پێی نەڵێ « بەخوا باوکم باشت بۆ لواوە, لە تەڕی دەخۆی و لە ئیشکێ دەنووی, جا خەمت چیە؟ هەموو کاروبارت کڕینی دوو درەم پەنیر وحەوت درەم ماستە. خەرجی خۆت و بەرگ و پێتاکی تۆش خۆ لە ئاسمان ڕا بۆت نایە, شێتێکی وەکوو منت دەس کەوتووە و بە کەیفی خۆت ڕام دەدەی.»

وسوو چ کەیفی بەو قسانە نەدەبزوت و جاڕز دەبوو. پاتە دڕاوەکانی بەسەر پێوە دەکردن و بە توڕەیی لە ماڵێ وەدەردەکەوت.

هەموو ڕۆژێ سەر لە بەیانان ڕەژی بۆ سەماوەرکە دەگەشاندەوە و چایەکەی سازدەکرد, بە پەلە پەنیر وماستەکەی لە دوکانەکەی میرزا مەحمود دەکڕێ و لە سەر حیسابی مام حەمەدیش بایی پەناباتێك خورمای وەردەگرت. میرزا مەحمود دەبوو ئەو پەناباتە لەسەر حیسابی مام حەمەد بنووسێ. وسوو چ پوڵ و پارەی بۆ خەرجی خۆی نەدەدرایە. جاروبار بە دڵی دادەهات کە لە چاوخافڵ کردنێکی میرزا مەحموددا چنگێ خورما بدزێ, بەڵام نەیدەوێرا. زۆرجاران بە هەناسە ساردی دەگەڕایەوە ماڵێ و میرزا مەحموود خورماکەی نەدەدایە. ڕۆژانی هەینی پاش نان وچای خواردنی بەیانان لە ماڵێ گیر نەدەبوو, پاتەکانی بە سەر پێیەوە دەکرد و بەرەو قەبرستان بۆی دادەکشا. هاضاڵە ڕەش وڕووتەکانی وسوو بەر لە ئەو لەوێ بوون, ئاورەکەیان دەکردەوە, جاری وابوو ئاورەکردنەوەکە زۆری دەخایاند و بۆیان هەڵ نەدەبوو. ناچار هەموو وێکڕا وەخۆدەکەوتن. مقەبا, کەوشەکۆن, کوتە پەڕۆ, چڕوچیلکە, جیر, پلاستیك, ئیشکەڵ وسەرەبزوتیان وەخڕدەکردن. بۆ شەقارتەش دانەدەمان, ڕێبوارێك هەر دەبوو چەند لقە شەمچەیان بداتێ و پاشان کار دەکەوتە فوولێکردن و چڕەدووکەڵ هەڵ دەستا. بۆنی جیرەسووتاو جاری وابوو وڕوکاسی دەکردن. ئاور کە بڵێسەی دەسەند هەموو لە دەوری وەخڕ دەبوون. هەرکە سەرەبزوتەکان دەیانگرت وگڕیان لێ هەڵ دەستا, وسوو پاتەکانی وەلا دەنا ولاقەپیرەلوك بووەکانی بە ئاورەکە ڕادەداشتن. بە دەم لاق گەرم کردنەوە, بڵێسەی شین و کەسك و زەردی نایلۆن وپلاستیك, ئیشکەڵ وقوماش وسوویان دەبردە دنیای خەیاڵاتەوە. بڵێسەی ئاگرەکە لە بیچم وشکڵی ماردا کە باوێشکی دەدا. ئەسپی باڵدار, کوتری بریندارى باڵ شکاو, هەژدیهای دووسەر کە ماری هەڵدەلووشی, زڕدایکی کە دەستی نابووە کەلەکەی و هەڕەشەی لێ دەکرد. لێفە و دۆشەگی نەرم وکورسی گەرم, دەوری یە پڵاو وگۆشتی کەو وقەل. کەڵ و گامێش و ماموستای ماتماتیك.

چڕەدوکەڵێك لە چڕوچاوی دەهاڵا و لە جیهانە پڕئەفسونەڕا فڕیی دەدایەوە سەر لەتکە سواڵەتەکەی ژێرپێی ولاقە کەسپڕە بووەکانی سەر لە نوێ بۆگەرم کردنەوە بە ئاگرەکەدا ڕادەداشت.

هاضاڵەکانیش هەرکام بە نۆرەی خۆیان بە باڵی خەیاڵ دەفڕین و گەلێ جاریش خەوەنووچکە دەیبردنەوە و وەنەوزیان دەدا.

دوانیوەروی رۆژی پێنج شەممەیەکی زستانە ساردەکە بوو. وسوو و هاضاڵەکانی وەکو هەمیشە لە دەوری گومبەزییەکەی سەردار ئاوریان کردبۆوە و هەر یەکەی نەقلێکی دەگێڕایەوە. ڕەشید شەش قامك کاری ئەوە بوو ئاورکە خۆش کا و نەیڵێ بکوژێتەوە. شووڵێکی بە دەستەوە بوو, ئاورەکەی پێ ئەم بارو ئەو بار دەکرد. چڵمەکەی شۆڕ ببۆوە و چاوێکی قووچاندبوو, ورتەیەکی لە بەر خۆیەوە لێ هات و گوتی « کەی ئەم سەرما نەگبەتی یەمان لە کۆڵ دەبێتەوە؟» سەری هەڵێنا و لە پڕ سەرنجی پەڕیە سەر جادەکە و گوتی « ئەها... ئەوە چی یە؟ ئەمانە کێن؟» سێ کەس بە جادەکەدا رادەبران, یەك لە پێشەوە بە سینگ و بەرۆکی داپچڕاوەوە و دوانیش لە پشتیەوە. شەش قامك دەرپەڕی و چووە سەرجادەکە. بانگی بێکەوای کرد « وسوو! وسوو! وەرە! وەرە تەماشای ئەو کابرایە کە! ئەوە کێیە؟وەرە بزانە ئەوە چی کردووە. ئەوە قۆڵ بەستراوە! ئەوانەی کە لە پشتیەوە تفەنگیان پێیە. ئەمانە ژاندارمەن. قازاخن.» بێکەوا بە پەلە پەل پاتەکانی دەپێ کردن و بەرەو جادەکە رای کرد. قۆڵ بەستراو پیاوێکی کەڵەگەتی چوارشانەی ریش بووری چاوشینی قەپۆز بەرانی نێوچاوان پانی برۆتێك سرماوی سمێڵ داچۆڕاوی سەرو بەر قوڕاوی بوو کە چۆخەکەی بەری لە نێوەڕاستی شانییەوە تا لۆچی داوێنی ئاتەگەکەی داقڵیشا بوو. تووکی سینگی قرز ببوون و لە مابەینی دووگمەی کراسەکەی وەکو نەشتەر ڕاست ببونەوە.

ڕانکێکی شڕی لە پێ دابوو, دەتگوت سەگ پڕی پێداکردووە. نیگای تەلیسماوی تا ناخی دەروون رۆدەچوو. ڕەشید بە دەنگی بەرز پرسی « ئەوە چی کردووە؟ » قۆڵ بەستراوکە زەردەیەکی پەڕیە سەر لێوی ئیشك وبارگرتوی, چاوی لە ڕەشید و وسوو بڕی و دەمێك تێیان ڕاما. ویستی قسەیەك بکا کە ژاندارمەکەی لای ڕاستی قونداخە تفەنگێکی لە قەبرغەی سرەواند و شەقێکی تێهەڵدا. قۆڵ بەستراو سەرەنگری یەکی بردو ڕەپە و ڕوو بە ئەرزەکەدا کەوت و دەمی لە بەفرەکە چەقی.

ئاخێکی هەڵکێشاو وەکو مریشکی سەربڕاو دەستی کرد بە هەڵبەز هەڵبەز. ژاندارمەکەی دیکە گورج چووە بەر دەستی هاوکارەکەی و دەستی گرت. نەی هێشت چی دیکە لێیدا. تفەنگەکەی خۆشی دا بە هاوکارەکەی و چووە بن پیلی قۆڵ بەستراوەکە و ڕاستی کردەوە. بێ کەوا کە ئەوەی دی مچورکێکی لە تەپڵی سەری ڕاهات و لە بەری پێی دەرچۆوە, وەکو گێژانی لێ هات. قاوی لە عەلی کرد وگوتی« عەلی ڕاکە لە وانەیە ئەو ژاندارمانە بەڵایەکیش بە سەر ئەوان بێنن و تووشی کێشەیان کەن. عەلی بە گوێی دا نەچوو و لە ئاستی خۆی لەو کابرایە ڕامابوو کە تێیان هەڵدابوو, بە دەستی بەستراوەوە لێیان دابوو, کەسایەتیان ورد کردبوو.

وسوو خوێنی وەجۆش هات. سینگ و دەستی گەرم داهاتن, ڕەگی لاملی هەستان, چاوەکانی خوێنیان تێچزان وسوور هەڵگەڕان, تفی لە زاری دا ئیشك بوو, بێ ئەوە بزانێ چ دەکا, داهاتەوە و پڕی دایە خڕکەڵە بەردێکی دەم کەندەڵانەکەی قەراخ جادەکە. خڕکە بەرد وەکو بۆخۆی خۆی هاویشتبێتە نێو دەستی, وەها سووك و هاسان لە قولی مشتی دا جێی گرت کە بۆ خۆی پێی سەیر بوو, زۆری نەخایاند دەستی بەرزکردەوە خۆی کێشایەوە, دەستی هێنا وبرد و بەهەموو هێز وتوانای خۆی خڕکە بەردی لە شەویلکەی ژاندرمەکە ڕاکێشا.

ئەمنیە هاوارێکی کرد و بە چۆك داهات. وسوو بە نێو کێلەقەبرەکاندا تێی تەقاند و بانگی ڕەشیدی کرد کە ئەویش ڕاکا و ئەو شوێنە بە جێ بێڵێ. ژاندارمەکە تاسا بوو, کاتێك هاتەوە سەرخۆ ویستی روی تفەنگەکەی بکاتە وسوو و سرەی لێ بگرێ کە وسوو لە پشت گومبەزەکەی سەردار و لە پەنا دیوارەکە خۆی حەشار دابوو. هاوکارەکەی لەو کارە سەری سووڕمابوو و نەیدەزانی چ بکا؟ شەویلکەی ژاندارم دەسبەجێ ماسی و شین و ڕەش هەڵگەڕا, باریکە خوێنێك بە کەلێنی ددانەکانی دا داچۆڕاو بە لچی دا شۆڕبووە.

پاتەکانی وسوو لە پێی داکەندرابوون و بە پێی پێخاوس بە سەر بەفرو بەستەڵەکەدا ڕای کرتبوو لەوە ترسابوو کە وەشوێنی کەون. ترسی ئەوەشی بوو ڕەشید بگرن و بە وەوە ئەویش بناسن و لە داوی خەن و تووشی گێرەوکێشە وبێنە وبەرەی بکەن. بەین بەین لە پشت قەبرەکان ڕادەوەستا, ترپەترپی دڵی دەتگوت تەپڵە و لە دوورەوە دەیکوتن. وسوو و ڕەشید قەراریان وابوو کە لە یەکتر هەڵبڕان بچنەوە پشت گومبەزەکەی سەردار و لە سەر یەکتر ڕاوەستن. گومبەزی سەردار لە نێوەڕاستی قەبرستانەکە دابوو. بە بەردی تراش و بە خشتی سوور دروست کرابوو. کێلی درێژ درێژ و نوسراوەی سەر کێلەکان, گمەگمی کوترەشینەکە, گژوگیا و چڕوچیلکەی وئیشك بووی بە سەریەکداکەوتووی چەندین ساڵە, داری بەرزی بێ گەڵای ئیشك بوو, وردەشوشە و قاشولکەی سەرقەبرەکان و بەردی نەزرونیازی

تەنیشت کێلەکان, ترس وخۆفیان دەخستە نێودڵی هەرکەسێکەوە کە دەمەو ئێوارە ڕێی دەوشوێنە کەوتبایە. وسوو بەو کارەی کردبووی حەجمینی لێ هەڵگیرابوو. لە ژاندارمی دابوو, لە شەویلکەی ئەمنیەی دابوو, لە پیاوی دەوڵەتی سرەواندبوو, نوێنەری شای خپ کردبوو, خەتا لەوە گەورەتر نەبووە, بێ ئەوە زوڵمیان لێ کردبێ یان لێیان دابێ. لە سەر تاوانبارێك کە دژی (خاك و وەتەن) بووە وەجواب هاتووە, ویستویە تفەنگی ئەمنیە بڕفێنێ و تاوانبارێك رزگار کا. خەریك بووە کڵاوی ژاندارمەکان وەبەر شەپ داو پاگۆنەکانیان لە گوو وەردا, ئەمانە هەموو ئەو تاوانانە بوون کە بۆخۆی سەر حیسابیان دەبوو و لە بەر خۆیەوە ناوی دەبردن. سەرڕای ئەوانە ئەوە فێرکردەشی هەیە. باوکی, باوکی فێری کردووە. باوکی هاودەستی «چەتە» و «دژی دەوڵەتە», لە گەڵ « یاخی بووەکانە» ئەوە کە خەبەریان بۆ دەنێرێ و سەتان بوختان وتۆمەتی دیکەی لەو بابەتانەوە. تازە کار لە کار ترازابوو, وەکو کەروێشك شوێنەونکەی دەکرد. لە بن کێلەقەبران هەڵ دەتروشکا, بەرەوپشت و بەرەو پێش دەهات و دەچوو, ئاخرەکەی هاتەوە پشت گومبەزەکەی سەردار و لە بن دیوارەکە و لە ئیشکانی بەر گوێسوانە ڕاوەستا. هەناسەی لە سینگی دا حەپس کرد. ئاراوقەراری لێ هەڵگیرابوو. نەیدەزانی روو لە کوێ کا. لە سەرمان دەلەرزی, دەتگوت مەڕی گورگ لێدراوە.

تاریکایی هێشتا بە تەواوی دانەهاتبوو, جارێکی دیکە لە دەوروبەری خۆی روانی. کێلەقەبرەکان لە بەر چاوی لە جاران بەرزتریان دەنوواند. پێی وابوو لە بن هەر کێلێك ژاندارمێك خۆی مات داوە. لە ترسان یەك بە خوی هاواری کرد و گوتی« ئەوە تام! هۆی کابرا ئەوەتام».. وچانێکی گرت. دەنگێك نەبوو. پشوویەکی هاتەوە بەر. کەس بە دەنگی یەوە نەهاتبوو. ڕەشید نەگەڕابووە. بە دڵی داهات کە بەرە و ماڵ برواتەوە.

بە لاڕێدا و دوور لە جادەکە, بە نێو قەبرەکاندا بروا و لە قەراخی شاری نیزماڵێکی داتێ و خوی بە کۆڵانێك داکا. بەڵام نە, لە گەڵ ڕەشید قەراریان هەبوو, دێتەوە شوێنی قەرارەکە. خەیاڵێکی بە مێشکی داهات و لە دەوروبەری گومبەزی روانی وخۆبەخۆی گوت« چۆنە ئەو شەو لەوگومبەزیەدا بمێنمەوە. خاترجەم ترە لە جێی دیکە. کەس شکی ئەوێ ناکا.» بەڵام بە تەنیا نەیدەوێرا.

گومبەزییەکە بە بەفر و باران وسەرماو سوڵ خشتە سوورەکانی پوا بوون, سست ببوون, هەلدەوەرین. دەست لە کەلەبەرەکانیان گیر دەبوو. سێ قەبرێك لە گومبەزییەکەدا بوو, کێلی هێندێك لە قەبرەکان لە نێو قەدیاندا شکابوون. دەرگای گومبەزیەکە لە تەختە دارێکی ئەستور سازکرابوو. مام باپیر پارێزگاری ئەم گومبەزی یەی دەکرد و دەیگوت« ئەوەتا وەبیری دێ ئەو گومبەزییە هەروابووە وهەروای دیوە. دەرگاکەیشی هەر ئەو دەرگایە بووە». بە دەگمەن دەرگاکەی دەکردەوە مەگەر گژوگیای دەوروبەری گومبەزی یەکەی دروبایەو لە حەسارەکەدا لە گیشەی دابایە بۆئەوە زستانێ بیدا بە بزنەکانی.

ڕەشید بە هەڵەداوان خۆی گەیاندە وەسوو. هەناسەی سوار بوو دڵی هەر ترپەترپی بوو. دەنگ و باسەکەی لێ پرسی. وسوو متەقی لێوە نەهات, ڕەشید گوتی« کوڕە خۆ تۆ شەویلکەی ئەمنیەت لە بەریەك برد. جا ئەوە کارە بوو ئەتۆ کردت؟ تۆ چ کارێکت بەو کابرایە بوو؟ لانی کەم بیست کەس ئەو کابرایەیان دیبوو. ئەمنیەکانیشیان دیبوو. بۆ ئەو گەورەپیاوانە, ئەو کەڵە پیاوانە پێشیان بەو ژاندرمانە نەگرت و بەزەییان بە کابرای قۆڵ بەستراودا نەهاتبوو.» وسوو روی تێکرد و گوتی« ڕەشیدگیان خوێنم وەجوش هاتبوو. زوڵم ناخۆشە,جا هەر کەسێك بیکا. بەتایبەتی ئەگەر کەسێك لە مەزلومێك زوڵم بکا کە دەستەڵاتی نەبێ. تۆ لینگەفرتەی قوڵ بەستراوەکەت دی؟ سینگ وبەروکی داپچڕاوی, پێی پێخاوس وشەقارشەقاربووی سەر سەهوڵ و بەفرەکە, چاوی پڕ لە ترس وخۆف و پاڕانەوەی, قوڵی بەستراوی ئەو کابرا بێ دیفاعەت دی؟ ئەوانەت هەموو دیتن؟ چما قەت تۆ زوڵمی ئاوات دیوە؟ نە تۆ زوڵمی ئاوات نەدیوە, تۆ نای ناسی, تۆ زڕردایکت نەبووە, نە تۆ نەت دیوە. هەق بە تۆیە. ئەتۆش ئەگەر وەکو من بوایەی هەر ئەو کارەت دەکرد کەمن کردم». زەردەخەنەیەك هاتە سەر لێوانی وشانەکانی هەڵتەکاندن. سەری هەڵێنا, کڕومات بوو.

پۆلێك کۆترەشینکە لە دەوروبەری گومبەزی یەکە هەر باڵەفرکەیان بوو. بەدەوری یەك دا دەهاتن, هەڵ دەفرین و دەنیشتنەوە, گمەگمیان دەکردن. ڕەشید چاوێکی تێ بڕین, وسووش لێی ڕوانین.

تەگبیریان لە کوترەکان کرد کە پەلامارێك بەرنە سەر ئەو کوترانەی نێو گومبەزەکە. ڕەشید گوتی« کوتر بە تاریکی هەڵ نافڕێ. ئەگەر تیشکی لە چاوی دەی بە شەوارە دەکەوێ وگرتنی هاسانە.چۆنە بچینە نێو گومبەزی یەکە و هێندێکیان بگرین. یەك دووانێکیان ببرژێنین و هێندێکیشیان بفرۆشین تۆ دەزانی کە لەو قوتابخانەیەدا من و تۆ لە هەمووان دەس تەنگترین.ئەمن خۆ قەت تێر زگی خۆم نانم نیە. ئەی تۆچۆنی؟ ڕەشید چاوێکی لە بەری پێی کرد و گوتی« تۆ دەزانی کە باوکم زستانان بێکارە و هاوینان ئەگەر شتێکی دەس کەوێ. بەفرفرۆشە! بە زستان کەس بەفر ناکڕێ! دەبێ رۆژتائێوارە دەستە و ئەژنۆ دانیشی و دەس بە دۆعا راوەستێ و لە خوڵای بپارێتەوە و بلێ خوڵایە, پشتێنێك بەفری تێ کەی. تا بە خاوخێزانەوە لە بەفر وەخۆکەوین و لە بەرزیایی ڕا بەفرکێشەوە بکەین و چاڵی لێ بئاخنین, کای پێداکەین, بیشێلین و هاوینێ بیفرۆشین. هاوینان بردنی بەفر بەو تاقە گوێ درێژەی کە هەمانە کاری منە,

ڕۆژی وایەکە هەوا زۆر گەرم دەبێ زۆر زوو دەتوێتەوە و شتێکی ئەوتۆی دەس ناکەوێ. ئەمە داهاتی باوکمە و دایك و خوشکەکانم بە گۆرەوی چنین و کڵاودرون بەشێك لە خەرج و مخاریجی ڕۆژانەمان دابین دەکەن. منیش وەکو تۆ قەت پوڵ خەرجیم نادەنێ».

وسوو چووە سەر قەڵاندۆشی ڕەشید و بەدیوارەکەدا هەڵگەڕا و خۆی فڕێدایە ئەو دیوی دیوارەکە. لە پشتەوەڕا دەبوو دەرگاکە بکاتەوە و ڕەشید بە دەرگادا بێتە حەسارەکە و دوایە پێکەوە لە کۆتران وە ژوور کەون.وسوو و ڕەشید لەم دیو و ئەو دیوەوە پاڵیان بە دەرگاکەوە نا. بۆیان نەکراویەوە. ڕەشید بانگی وسووی کرد و گوتی« من ناتوانم وەسەر کەوم تۆ ئەگەر دەتوانی بڕۆ جەستەیان و چەند کوترێکیان لێ بگرە جا دوایە تەگبیریان لێ دەکەین. پاشان بە پلیکانەکانی بانیدا سەرکەوە و لەوێڕا خۆت شۆڕکەوە سەر دیواری حەسارەکە و منیش بۆ هاتنەوەخوارێت یارمەتیت دەدەم. ئەوە دەچم بزانم دەستەکێك یان دارێکی درێژ پەیدا ناکەم. هەتا من دێمەوە تۆش کاری خۆت تەواو کە! وسوو بە ئەسپایی خۆی بە ژووری گومبەزەکەدا کرد. ژوورەکە دوو بەش بوو. بەشێکیان چۆڵ و چ قەبری تێدا نەبوو, ئەوی دیکە پڕ بو لە قەبری درێژ درێژ, هی سەردار و بنەماڵەکەی, سەرجەم سێ قەبرێکی تێدا بوو. کێلەقەبرەکان دووهێندەی کێلی قەبری دیکە بوون درێژ, تاشراو, لە بەردی سپی و لوس و لە مەڕمەڕ, لە سەر هەر کێلێك نووسراوەیەك هەڵکەندرابوو. وسوو پێی وابوو کە کوترەکان لە سەر کێلەقەبرەکان هەڵنیشتوون و ئەو دەتوانێ بیانگرێ و باڵیان بکا و ئاوەژووی ئەو دیوی دیواری حەسارەکەیان کا. بەڵام وانەبوو. کوتر هەموو لە بنی میچی گومبەزەکە بوون و دەستیان وێرا نەدەگەیشت.وسوو دەستی کرد بە تەپ و کوت بۆئەوە کوترەکان هەڵفرن و ئەی ئەو بتوانێ یەك دووانێکیان بگرێ. بەڵام نە! ئەو کارەش بێ سوود بوو. کوتر لە شەقەی باڵیان دەدان و لە دەلاقەی پەنجەرە بێ شووشەکەڕا وەدەر دەکەوتن. بەم جۆرە وسوو هیچی دەس گیر نەبوو, شەقەشەقی باڵی کوترەکان خۆف و ترسێکی زۆری خستە دڵی وسوو بێ کەوا. بێدەنگی یەکی قورس و ترس هێنەر بە سەر ئەو شوێنەدا زاڵ بوو. وسوو ئیدی لە فکری هاتنەوەی ڕەشیددا نەبوو.ویستی پاشە وپاش بگەڕێتەوە. ترسی ڕێ نیشت. لە بەر چاوی وسوو کێلەقەبرەکان کەوتبوونە جموجۆڵ. وسوو کە دەجوڵایەوە ئەوانیش دەبزوتن. پێی وابوو مردووەکان بە کفنەوە ڕاس بوونەوە بۆ لای ئەو دێن. روناکایی یەکی مات لە پەنجەرەکەڕا دابووی لە کێلەقەبرەکان و سێبەرەکانیان بە قەدی دیوارەکەوە هەڵکشابوون. دەیویست ڕاکا پێی ڕاکردنی نەمابوو, پێی بە ئەرزەکەوە نووسابوو زراوی تەقی بوو,دەلەرزی, هەرکە بزۆکەیەك دەبزوت کێلی قەبرەکانیش لە بەر چاوی ئەو دەکەوتنە بزوتن. خۆی وەرسوڕاند و پاشە و پاش کشایەوە. ویستی هەڵێ, لایکردەوە, سەری وەتەنیشتی کێلەقەبرێك کەوت. سەری هەڵتۆقی. پێی وابوو یەکێك تێی سرەواندووە. زریکاندی, ئەو زریکەیە لە گومبەزی یەکەدا دەنگی دایەوە و ئەوەندەی دیکەش ترسا, پێی وابوو دەبێ لە بەر دەستی ئەو مردووە دەبێ هەڵێ. تالای کردەوە سەرەنگرێیەکی داو لارومەتی وە قەراخی کێلەبەردێکی دیکە کەوت وداروشا. هەناسەی دەرنەدەهات. لە ترسان چاوی قوچاندن. لەو وابوو کە هەموو مردووەکان دەوریان داوە و ئێستا دەستیان بۆ گەروی درێژکردوە و دەی خنکێنن. قەنەکێشێك هەروا مایەوە. ئینجا چاوەکانی هەڵێنان. پاشەو پاش کشایەوە. کێلەقەبرەکان لە بەر چاوی کەوتنەوە بزوتن. کە رادەوەستا ئەوانیش نەدەبزوتن. زبانی لە زاری دا نەدەگەڕا. ئەو دوعایەی کە ماموستای قورئان و شەریعەت لە قوتابخانە فێری کردبوون نەدەهاتەوە بیری. ئارەقێکی سارد سەرتاپای لەشی داگرت. بەرەبەرە لاقەکانی کەوتنەوە بزوتن, لە هۆدەکە وەدەرکەوت و لە تاریکایی ئەو ئەنگوستە چاوەدا سەرەنگرێیەکی دیکەی خوارد و بە ئەرزی داکەوت. خوێنی لوتی ڕاسا, نێوچاوانی بروکەیەك قرینجا, ماوەیەکی پێ چوو تا هاتەوە سەرخۆ. ئاوڕێکی دایەوە, چاوەکانی هەڵگلۆفین, کەسی بە دواوە نەبوو. هەستایە سەرپێ, لە دیوارەکانی ڕوانی. چ جێگای پێداوەسەرکەوتنی بە بەرچاو نەکەوت. دەمێك لە تەنیشت گیشەگیایەکەی مام باپیر ڕاوەستا. دەستەکێکی سەر گیسەگیایەکەی بە نقەنق تا بەرەو دیوارەکە ڕاکێشا و بە دیوارەکەیەوە نا. پێی وابوو دەتوانێ پێی دا وەسەرکەوێ. بەڵام بۆی نەکرا. دەمێك مات بوو و چوو دەفکرەوە, دەستی بۆ گیرفانی درێژ کرد. دوولقە شەقارتەس تێدا بوو دەری هێنان, نورێکی هیوا کەوتە نێو دڵی. لقێکی بەڕەشایی گوگردەکەدا هێنا. بروسکەیەکی لێدا وگوگردی سەری لقە شقارتەکە ڕەش هەڵگەڕا. دڵی هەمیسان سست بۆوە. لقەکەی دیکەی بە دەستەوە گرت. دەربازبوون و مانەوە بە داگیرساندنی ئەو لقەوە بەند بوو. بەندی دڵی دەلەرزی. دەستی بۆی نەدەچوو کە لقە شەمچەکە بەڕەشایی گوگردەکەدا بێنێ. دەترسا ئەوەش دانەگیرسێ. وچانێکی گرت و ئینجا لقە شەمچەی بە ڕەشایی گوگردەکەدا هێنا. بروسکەیەکی لێدا و گڕێکی پان لە لقە شەقارتەکە هاڵا, بە نەرمی نایە ژێر پووشە نەرمەکە و زۆری پێ نەچوو دەیان لاسکە گیا گڕیان گرت. چڕوچیلکەی دەوروبەری هێنا و بە ئاگریکەیەوە نا. ئاور بڵێسەی سەند.

کێلەقەبرەکان چووبوونەوە جێی خۆیان و مردووەکانیش ئارام خزیبونەوە نێو قەبرەکانیان و خەویان لێ کەوتبۆوە. بێ کەوا لەپەستا گیا وچڕوچیلکەی وەسەر ئاورەکە دەخست. لە بەر رووناکایی ئاگرەکەدا لە چوار لای دیوارەکانی حەسارەکەی ڕوانی. سووچی چەپی حەسارەکە نزمتر لەوانی دیکە بوو.

دەستەکەکەی ڕاکێشا و بەو سووچەیەوە نا, بە هەر چەرمەسەری یەك بوو وەسەر دیوارەکە کەوت و دەمێك دواتر خۆی ئاوەژووی ئەو دیوی حەسارەکە کرد وخۆی فڕێ دا خوارەوە. گڕی ئاورەکە کە هەر دهات و بەرزتر دەبۆوە. زۆری نەخایاند کە گیشەگیایەکە بە تەواوی ئاگری تێ بەربوو. گڕەکە ئەوەندە بەرز بۆوە کەلایەکی قەبرستانەکەی

رووناك كرد. وسوو ترس دایگرت و له دڵەوه خۆی خەتابار دەزانی. چار نەبوو, كار له كار ترازابوو. زۆری پێ نەچوو له هەموو لیەكەوه گرمەوهەرای خەڵك پەیدا بوو, خەڵك پێ وەربوون. به پاچ وپێمەڕه و دۆڵچه ئاوەوه. یەكێ هاواری دەكرد دەیگوت« پیاوی چاك بن بگەنێ! گومبەزەكەی سەردار ئاوری تێبەر بووه, ڕاكەن ئەوئاوره وەكوژێنن, به بابەوه دەبەرومرم ڕاكەن! خێرتان دەگاتێ با ئێسك وپروسكی مردووەكانمان نەسوتێن.»

وسوو له پشت كێله قەبرێكدا خۆی حەشار دابوو.نەدەبوو كەس بیبینێ دەنا خەتاكەیان له ملی دەپەستاوت. یەكی دی دەیگوت« باوكم ئەوه كاری خولایه. ئەوه ئاوری قودرەته قودرەت. داخوا ئەو مانگە,ئەو حەوتووه ئەوڕو یان ئەم ساتەی ئێستا كێ مردووه كه قەبر وەخۆی ناگرێ و ئاوری غەزەبی بۆ هاتوته خوارێ و به وەوه دەبێ سەتی دیكەش بسووتێ.» پیرەپیاوێك دەیگوت« ئای پیری تەریقەت! شاهی نەخشبەند! چاكی گۆڕەمەڕ! شای زەمبیل!هاوار! ئای لەو هەموو بێ ئیمانی یه, باوكم ئەوه غەزەبه غەزەب, غەزەبی خوایه. باوكم بۆچی خوا غەزەب لەم خەڵكه نەگرێ؟ ئەم خەڵكه نێرومێی لێك دراوه وەكو مەڕو بەران تێكەڵ بوون. دەبا مردووەكانتان ئاوایان لێی بەسەر بێ!» یەكی دیكه دەیگوت« نا باوكم وانیه, هەموو خراپ نین, تەنیا گزیرێك, باب نۆكەرێك, ئاغایەك, پۆلیسێك, زڕدایكێك نێوه دەگلێ و دەكەوێته بەر گورزه مەلایەكەتی خوا, گوناهەكانی لێ دەردەكەن و دی سوتێنن. ئاگر له قەبری بەر دەبێ. ئەمین لەشكره كه مرد هەموو دەیانگوت„ دیومانه ئاگر له قەبرەكەی بەر بووه„ بەڵام من به چاوی خۆم نەمدیوه. ئەو حاجی مستەفایە,ئەو خەلیفه مل كەرەی سیخوڕە, ئەو سەید تەهایه, قەستەم به خودا له زۆر كەسم بیستووه كه دەیانگوت„ ئەوانه شەوانی جومعه له قەبرەكانیان دەردەكەون و دەبنه گورگ, هەتا بەیانی دەلورێنن و له گەڵ قوتەی كەڵەشێر دەچنەوه نێو قەبرەكانیان„ بەڵام خوا بۆ خۆی به سەر شاهیده كه من به چاوی خۆم نەمدیون. بەڵام زۆرجار دیومه كه نور لەو قەبرستانه هەڵستاوه, له زیارتگای هۆو شەهیدانه, ئەمانه هەموو نوریان له قەبری هەڵدەستێ.نوری كەسك و زەرد و سوور به قەد باڵا پیاوێك, دوو باڵاپیاو, به قەد مغازەیەك, لەم گەردونه و لەو جیهانی بێ بڕانەوەدا, ئەستێرەن, مانگ و رۆژن, نا نوری بێ بڕانەوەن هەر دەمێنن.»

ئاپۆرەكه تا دەهات دورتر دەكەوتەوه و وسووش له پەناڕا بۆی داكشا و دور له جادەڕێ بەرەو ماڵێ وەڕێ كەوت. كاتێ كه گەیشتەوه بەردەرگای ماڵی خۆیان, كاتی نوێژی خەوتنان بوو. به ترس و لەرزەوه دەستی برد ئەڵقەرێزی دەرگاكەی له پشتەوه كردەوه و له سەر بیرەكه لاقەكانی شوتن و به پلیكانەكاندا وەسەر كەوت. باوكی به جیڕەی دەرگاكەدا زانیبوی كه وسوو هاتۆتەوه. ئایشێی ژنی چاكی بۆ وسوو چاندبوو. زۆری به گوێی مێردەكەیدا هەڵ خوێندبوو و گوتبووی« ئەوهەتیوه جوابی تۆ ناداتەوه, به هێندت ناگرێ, ئەگەر برێكی دیكه پەلی ئەستور بێ به خوا پەتمان له ملی دەخا و به كۆڵانانماندا دەگێڕێ, جا ئەوه كوڕه تۆ هەته؟ كوڕی ماڵه بەختەوەران ببینه تەماشایان كه, ئەوان چەنده له ئەمرو نیەی دایك و باوكیان دان. هی تۆش ئەوه یەك لەو كاره جوانەكانێتی. هەر ئەوەی ماوه ملت به پەتەوه كا. قوڕت بەسەر! هەڵی دەگریەوه, جارێ له كوێته.منداڵی خەڵك رۆژی كۆشێك پاره بۆ دایك وباوكیان دێننەوه, هی تۆش كۆڵێك خەم و خەوفەت وگێرەو كێشه, كوڕه منیش تویخم له گەڵی چووه. له گەڵ شیووكوڵی. جڵ تێوەشاندن و درومان كردنی. خۆ بۆنی چەقەدوكەڵی بەرگ و پێتاكیشی لەوێ راوەستێ. هەر له دورەوه پیاوی كاس ووڕدەكا. من نازانم ئەم هەتیوه تۆپچی حەمامه, یاریدەدەری تۆپچی یه؟ من تێی ناگەم.»

وسوو دەیزانی باوكی زۆری لێ تۆڕەیه. نەیدەوێرا وەژور كەوێ. بەڵام چار نەبوو. له بەر دەرگاكه وردە كۆخەیەكی كرد و به ئاسپایی تایەكی دەرگاكەی كردەوه و له دم و چاوی باوكی ڕاما, پێی تێنا و سڵاوێكی له ژێر لێوه لێ كردن. كەس وەڵامی نەدایەوه. مام حەمەد به سەری داگوڕاندی و گوتی« بێ شەڕەف ئەوەوەخته دێیەوه؟» ئەوەی گوت وەكو باشوو كه له چۆلەكه رۆ دێ تێی رۆهات. هەڕای بردێ و بۆقەتەی ملی گرت و سێ چوار مستی له دەم و گوێی داو دووسێ شەقی تێ هەڵدا. بەوانەش لێی ڕازی نەبوو بردیه حەسارەكه و سەگ به حەوشەیەكی پێ كرد كه كەس به كەسی نەكردبێ. دەرو جیرانان هاتبوونه سەربانان و سەیریان دەكردن. ژنەكان هەر پەككوپەككویان بوو. یەكێ دەیگوت« ئەوه بڵێی بۆچی لێی دەن, لەوانەیه دزی كردبێ». یەكی دیكه گوتی« كچێ دادەی! كێ كوڕی واپاكی هەیە, دەبێ دەس نوێژ بشۆن وباسی ئەو كوڕه بكەن». خات مەنیج لەو سەری گەڕەك ڕا هاواری دەكرد و دەیگوت« ئەوه هەموو فیتی ئەو زڕدایكه بێ دین وئیمانەیەتی. به خوای دایكم ئەگەر دایك بوو بەزڕدایك باوكیش دەبێته زڕباب. ئیدی له سەرڕویشتنی ناوێ, دەنا ئەو منداڵه چی كردووه؟»

ڕقی باوكی نیشتەوه و له پەستا پەستا دەیگوت« بەڵێ هەر ئەوه مابوو له بەندم خەی و بەگرتنم دەی؟ ئەتۆ له كاربەدەستی حكومەت دەدەی؟ كافری خودا نەناس؟ له نان وئاوم دەخەی؟ دەتەوێ له بەندی حكومەتدا بڕزێم؟ نان وپەنیرێكم پێ ڕەوا نابینی كه له گەڵ ماڵ ومنداڵی خۆمدا بیخۆم؟ كەس نەمابوو بەربینگی پێ بگری, معموری حكومەت نەبێ؟ به سەری تو خراپی لێ حاڵی بووی. پەتی من به تۆ نادڕێ.ئێستا دێن و تۆیان تەخویل دەدەم تا بزانی ئەو هەویره چەنده ئاو هەڵدەگرێ.» مام حەمەد به شەق وزللهش ڕازی نەدەبوو, توله دارێكی تێدا شكاند. وسوو زۆری بۆهاتبوو, وه قسەهات. به دەم هاواركردنەوه دەستی به جنێودان كرد وگوتی« چاكم كرد بەڵێ له شەویلكەم سرەواند, ئەرێ وەڵا تێم سرەواند,ئەو دینەی ...م ئەوه دەبێ بنی پێی ناڵ كەن. دەبێ به پێخاوسی گێرەی چقڵه زەرد وپێكوڵی پێ

**بکەن. هەقم بوو, هەق ئەو بێ شەڕەفەی زاڵمە تەمبێ بکەم. حکومەت,حکومەت, حکومەتی چی؟ ئەگەر حکومەت وابێ و پیاوی وای بێ دەبێ وەکو مار سەری پان کەیەوە وئاگری لە تەخت و بەختی بەردەی. بەڵێ من بووم. با هەموو بزانن من بووم لە شەویلکەم ڕاکێشا.»**

**مام حەمەد ڕەگی ملی ئەستور بوون وچاوەکانی دەرپەڕین. نێوچاوانی گرژ کرد و کەفی هەڵ خڕاند. زانی کارەکە هەتا دێ خرابتر دەبێ. لە تاوان دەستی بە زاریەوە گرت و ڕاکێش ڕاکێش بردیە متبەقەکە. وسوو لاقی لەم بەر و ئەو بەری دەرگاکە توند کردن و یەك بە خۆی هاواری کرد و جنێوی دەدان. لە کۆڵانەکە سمیر سمیر پەیدا بوو, منداڵێك بە هەڵەداوان هات خۆی لە ماڵی مام حەمەد داکردوگوتی« مام حەمە! مام حەمە! حەجەمەکان هاتن. ئێستا دەگەنێ. لێ گەڕێ با کاکە وسوو هەڵێ, با نەیگرن!» مام حەمە ئەوەندەی لە وسوو دابوو شل وکوتی کردبوو, بۆخۆشی لە کار کەوتبوو, خەڵك فریای وسوو نەکەوتبایەن مام حەمە دەی خنکاند. لەتکی گوریسی لە ملی هاڵاندبوو خەریك بوو بە هەموو هێزی خۆی دەی کێشا. وسوو نەفەسی لێ بڕابوو, چاوی لە ڕەشەوە دەهات. عەبڵا ئێرانی گەیشتە سەری و گوریسەکەی لە دەست ئەستاند. دوو ژاندارم و پۆلیسێك خۆیان بە حەسارەکەدا کرد. ژاندارمەکە چاوی لە پۆلیسەکە کرد وگوتی« ئەرێ خۆیەتی, ئەوە هەوە» پۆلیس و ئەمنیەکان بە لەتکە گوریسەکە وسوویان قۆڵ بەس کرد. ئەمنیەکە لە پشتەوەڕا بە هەموو هێزی خۆی شەقێکی تێ هەڵدا. وسوو بە ئەرزی داکەوت و دەمی لە ئەرزەکە چەقی. پۆلیسەکە هەڵی ئەستاندەوە و پێش خۆیان دا. وسوو چاوێکی بە خەڵکەکەدا گێڕا و دەمێك لە باوکی ڕاما, ئینجا زەردەخەندەیەکی پەڕیە سەر لێوان و پێش مەعمورەکان کەوت. لە بەردەرگای حەسارەکە دەمێك وەستا, سەری وەڕسووڕاند و چاوێکی دیکەی بە ماڵەکەدا خشاند و لە باوکی وزڕدایکی ڕاما. بزەیەکی تاڵی بەدەم وچاوەوە ڕەق هەڵات و سەری بەردایەوە و تیژ تێ پەڕی.**